www.kurdistannet.org
13-4-2003 23:56

# ئەوە سەدامیش رووخا PMF یش هێشتا ئالاّکەی نوێ دەکاتەوە!!

**ئەمیری حاجی داود**

هەرچەندە من زۆرم رق لە سەرباز و جەندرمەی تورکە، هەر زۆر نارەحەت دەبم بە بێریەی شین و کلاّوی شین هاتنەوەشیان بۆ ناو کوردستان زۆر نارەحەتی کردم بەلاّم ئەو کاتە وتیان ئەو تاقمە هاتوون بۆ پارستنی ئاشتی لەنێوان هەردوو لایەنی شەڕ ئەو کاتە کە دەکاتە پارتی و یەکێتی، هەرچەند رۆژێك لە رۆژان شتێکیان پیّ نەکرا تەنها لەسەر شەقامەکان دەسووڕانەوە عەرزی عەزەلاتیان دەکرد خەڵك زۆری پیّ ناخۆش بوو چونکە دەیانزانی ئەوانە هەرگیز شتی چاك نازانن، جگە لەوەش هەموویان میتی تورکن هاتوونە کوردستان تەنها بۆ مەبەستی کارەکانی خۆیان نەك بۆ ئاشتی. بەلاّم بەهەر حالّ ئێمە زۆر سوپاسیان دەکەین کە هاتوون گیانی ئێمەیان دەپاراست لەشەڕ وەکو خۆیان دەیانگووت. بەلاّم ئەوەتە خۆ شەڕی براکوژی چەند ساڵێکە نەمایە ئەوەتا ئەوا رژێمی سەدامیش رووخا هێشتا ئەوان نەچووینەوە ئالاّکانیان لەسەر باڵەخانەکانی خۆیان لە هەولێر و سلێمانی نوێ دەکەنەوە. وەزیری دەرەوەی تورکیا لە تورکیا تەنگاو بووە چونکە خەڵکی کوردستان لە کەرکوك چووینەوە سەر مالّ و حالّی خۆیان بۆشمان نییە ئێمە کورد کە خەڵکی کەرکوك بین بڵێن ولاّتی خۆمانە کەچی ئەو پیاوە ئەگەر یەکێك بێتن لە جەزائیر بڵێت کەرکوکی هی ئێمە بەلای هیچ نییە سەیرە ئەوە ئێمە چەندین ساڵە لە دەست PMF بێزارین و نارەحەت بووین کەچی ئەوە بەنیازن چەند کەسێکی تر رەوانەی کوردستان بکەن بەمەبەستی ئەوەی بزانن کورد لە شاری کەرکوك هاتووتە دەرەوە، من لێرەدا نالێم پێشمەرگە چونکە پێشمەرگەش تەمسیلی گەلی کورد دەکات بۆشیان هەیە بچنەوە سەر مالّ و حالّی خۆیان. من نازانم مەبەستی تورك لێرە چییە ئایا پاراستنی گیانی تورکمانەکانە، ئەگەر وایە باشە بۆچی چەندین ساڵە ئەو تورکمانانە بەکورد و عەرەبە و لەژێر دەسەلاّتی خوێنرێژی سەدام دەچەوسانەوە و قەتل و عام دەکران بۆچی نەدەهاتن پارێزگاریان لیّ بکەن، ئایا ئەوانیش لە دەسەلاتی رژێمی سەدام دەترسان یاخود ئەو کاتە تورکمان نەبوو لەو ناوچانەدا. من دەزانم تورك لێرەدا تەنها مەبەستی هاتنە ژوورەوەیە بۆ کوردستان و لەناوبردنی ئەو تەجروبەی کوردییە، سەیرە لەو کوردستانە تەنها پیاوێکی بەکرێگیراو هەبێت حەز بکات تورك بێتە ژوورەوە هەولّ دەدەن بێن کەچی هەموو گەلی عێراق دژی هاتنە ناوەوەی تورکن ئاخر تورکمان پێویستی بە پاراستن نییە لە کوردستان دەلیلیش ئەو چەند ساڵەی حوکمە لە کوردستان کە تورکمان چەند ژیانێکی خۆش و ئازادیان هەبووە. لە کۆتاییدا دەڵێم خەڵکی کوردستان بەمانەوەتان نارەحەتن برۆن پێویستمان پێتان نییە، نە PMF نەهیچ کەسێکمان پێویستە، وابزانم ئەو کاتەش هاتووە کە پێیان بڵێین برۆنەوە.

بارکەن برۆن!!

بارکەن برۆن!!

Amirdawod@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣